

# نرخی هاوڕێیەتی


نووسەر
نورالدين بن احمد خير الناس

وەرگێڕان
بنار دارا



کتێبخانەی (PDF)
2021

# نرخی هاوڕێیەتی

نوسەر: نورالدین بن احمد خیر الناس

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە : بنار دارا

گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ



## پێشەکی وەرگێڕ

هاوڕێیەتی ئەو بابەتەیە کەلەنێوان ئێمەدا کەمترین باس وخواسی لەسەر کراوە، بگرە تا ئەوەندەی من بزانم شتێکی تایبەتی لەسەر نەوتراوە. پێدەچێ هاوڕێیەتی لەنێو ئێمەدا وەك پەیوەندیەکی ئاسای و سروشتی لێکدانەوەی بۆکرابێت، هەمووکەس ئەتوانێ هاوڕێیەتی دروست بکات لەناوەندەکانی خوێندن یاخود لەشوێنی کارەکەیدا!!

باشترین هاوڕێ ئەو هاوڕێیەیە کە ئەگەر دونیا بۆت پێکەنی ئەویش پێبکەنێ و ئیرەیت پێ نەبات ، وەئەگەر پشتی تێکردی ئەو پشتت تێنەکاو لەگەڵت بێت.

هاوڕێی ڕاستەقینە ئەو هاوڕێیەیە کە هەرگیز گومانی خراپت پێ نابات.

ئەم کتێبە کورتە چیرۆکێکی پڕ پەند و بەنرخە کە بە شێوەزێکی ئەدەبی جوان دارێژراوە .

نوسەر ی لێهاتوو

"نورالدین بن احمد" نوسەریەتی و زیاتر لە( ٨) بەرهەمی چاپکراوی هەیە وەخاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە وڵاتی مالیزیا .

ئەم کتێبە بۆ ئەو خوێندکارانە  دارێژراوە کە نزیکن لە چونە زانکۆ و لە کۆتاقۆناغی دواناوەندین چ زیرەك بن یاخود ئاستی تێگەیشتنیان کەمتربێت .

لەکۆتایشدا هەمووان ئەوە بەدەستدەهێنن کە کۆششیان بۆ کردووە و بێ وچان هەوڵیان بۆ داوە ،

بەردەوام بوونت لە هەوڵدان دیاریدەکات کە خودی خۆت شایستەی چیت .

چیرۆکێکی خنجیلانەی سەرنج ڕاکێش و جوانە دەربارەی هاوڕێیەتی کە پڕە لە خەیاڵ و سەرکێشی .

فەلاح  مناڵێكی بچوكی هەژار بوو، لە قەراغی لادێیەك لە خانویەكی كۆندا ،ژیانی بەسەردەبرد لەگەڵ دایكی ،

وە باوكی كۆچی دوای كردبوو . دایكی لەدەوروبەری لادێكە

داری كۆدەكردەوە و لە بازاڕی لادێكە بە دەستەوتێكی كەم دەیفرۆشتەوە و ژیانیان بەم شێوەیە بەسەردەبرد  . چەندین ساڵ تێپەڕی و

فەلاح خوێندنی سەرەتای و ناوەندی تەواوكرد و لە چونە زانكۆ نزیك بوبۆوە.

هەرچەندە دەستیان كورت و هەژار بوون بەڵام ژیانێكی پاك و

دوور لە فڕو فێڵ ئەژیان،لە كاتێكدا فەلاح خۆی ئامادە ئەكرد

بۆ تاقیكردنەوەكانی كۆتایی، لە پڕ

دایكی كەوتە سەر جێگاو ئیدی نەخۆشی وپیری

بەرۆكی گرت .

ئەوکات فەلاح کەوتە بارودۆخێك کە ئیرەیی پێ نەدەبردرا
لەبەر ئەوەی  دەبوایە فەلاح لە لایەکەوە بەدوای کاردا بگەڕێت
تا بژێوی ژیانیان پەیدا بکات و دەرمان بۆ دایکی بکڕێت ،
لەلایەکی تریشەوە پەرە بە خوێندنەکەی بدات و
نمرەیەکی بەرز بەدەستبهێنێت و لەزانکۆ وەربگیرێت.بەراستی کاتێکی سەخت و دژوار بوو.

دایکی فەلاح ئافرەتێکی هەژاربوو ، بەڵام دڵی پڕ بوو لە ڕووناکی و جوانی ،
زۆر هێمن و لەسەر خۆبوو هەر شتێکی بەسەر بهاتایە هەرگیز گلەیی نەدەکرد وهەمیشە بە بەشی خودا ڕازیبوو.

هەرچەندە خانوەکەیان شوێنێکی شیاو نەبوو بۆ ژیان، زەویەکەی خۆڵ و قورِ و بنمیچەکەی کۆمەڵێك پوش و پارچەیەکی دڕاوی بەسەرەوە بوو .فەلاح هەمیشە لە بەر خۆیەوە ئەی وت:

( ژیان چەندە جوان دەبوو ئەگەر بمان توانیایە لەگەڵ دایکم لە خانویەکی بچوکی پاك و خاوێن بژین کە دەورە درابێ بە باخچەیەك هەموو بەیانیەك

گوڵی لێ بچنم و، برِێك پارەی کەم کە جل و بەرگ و پێداویستی رِۆژانەی پێ دابین بکەین .....، ئەگەر ئەمە بەدی هاتبا هەمیشە سوپاسگوزارو دڵخۆش دەبوین ).



فەلاح هاوڕێیەکی هەبوو ناوی عبدالڕحیم بوو ، لەخۆشترین و ڕازاوەترین خانوی لادێکە دەژیا .

کەلە ئەندازیاری و هەندەسە و نەخش و نوسینی عەرەبی سەر دیوارەکانیدا یەکەم بوو . باخچەیەکی گەورەیان هەبوو

لە ناوەڕاستی نافورەیەکی سەرنج ڕاکێشی لێبوو بەدارو گوڵ و گوڵزار نەخشێنرابوو،حەوشەیەکی گەورەی لەپێش بوو کە

دەری ئەخست خانەوادەیەکی دەوڵەمەندن و  زۆر خۆش ئەژین .

عبدالرحیم تاقانەی دایك و باوکێکی دەوڵەمەند بوو.باوکی یەکێك بوو لە بازرگانە گەورەکان ، دایکیشی کچی یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی لادێکە بوو . ئەوەندەیان نازو نیعمەت خستبوە ژێر دەستی کە پێوانە ناکرێت ،هەرچی وتبا ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرا

حەزی لەهەرچی بوایە بۆیان ئەکڕی.

دایکی هەمووکات پێی ئەوت(خەونەکانت فەرمانن ئەزیزم....فەرمان بکە و جێبەجێ ئەکرێت....هەمووشتێك ئاسانە

لەپێناو چاوەکانی کوڕەکەم ....خودا تۆمان لێ نەسێنێ.....لەتۆ زیاتر کەسمان نیە تۆ و لەدوای تۆ گەردەلول)



بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە ژیانی  پڕ لە ناز و نیعمەت و دەوڵەمەندی.

ڕۆژان تێپەڕی و عبدالڕحیم وردە وردە ئارەزوی خوێندن وچونە خوێندنگەی نەما .

دوای ئەوەی کە خوێندکارێکی زۆر زیرەك بوو.وای لێهات مەیلی گۆڕا بەلای ژیانی بێدەنگی و دوور لە خەڵك و خێزانەکەی،

تەنانەت وای لێهات گوێی بە ئامۆژگاریەکانی دایکی وهەڕەشەکانی باوکی نەدەدا. ئەو باوکەی کە زۆربەی کاتەکانی بە کارکردن بەسەردەبرد و درەنگانێکی شەو ئەگەڕایەوە ماڵەوە و گوێی بەماڵ و منالی نادا و کارەکەی ببووە هەموو ژیانی.

ئەو هاوسەرەکەی سەرپشك کردبوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و منالەکەی، هاوسەرەکەشی پێی وابوو کە ئەگەر پارەی زیاتر و

نازو خۆشەویستی زیاتر ببەخشێت بە کوڕەکەی ئەوا دڵخۆش دەبێت و

دەبێتە کەسێکی زۆرباش، ئەو بەهەست و سۆز بیری دەکردەوە نەك ژیری و زیرەکی.

هەرگیز لێی نەدەپرسیەوە ،لەکوێوە دێت و بۆ کوێ ئەڕوا ؟

ئایا هاوڕێکانی کێن ؟

لەگەڵ کێ کات بەسەردەبات ؟

ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە چەندین هاوڕێی خراپ لەدەوری کۆببنەوەو بۆ مەرام و مەبەستی خۆیان بەکاری بهێنن.

وای لێهات کە خوێندن و تاقیکردنەوەکانی کۆتای دواناوەندی کەنزیك بوو پشتگوێیانی خستبوو ، زۆر بە کەمی ئەڕۆیشت بۆخوێندنگە و وانەیەکی زۆری لەدەست چوو بوو ، لە دەریای خەیاڵدا ئەژیا.

بوبو به دیلی دونیای خەون و خەیاڵی پوچ و بێ مانا و .نقوم ببو له نێوان ئەو ژیانەدا زۆربەی ڕۆژەکانی به ڕاو کردن و

گەڕان لەگەڵ هاوڕێکانی و بەفیڕۆدانی پارە بەسەردەبرد.

وه هەرچەندە عبدالرحیم کاتی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی بەسەردەبرد ئەوا زیاتر له ونبون و شێواندنی ژیانی نزیکدەبۆوه .

مامۆستاکان هەواڵیان ئەپرسی، هاوپۆلەکانی بەدوایدا ئەگەڕان ، بەڕێوبەرێتی خوێندنگه هەموو باسیان ئەکرد .ببوە جێگەی باس و خواسی یانەکان و کۆڕ و کۆبونەوەکان و سەردێڕی هەواڵەکان بوو له هەموو لادێکه ،لەبەرئەوەی کوڕی بازرگانێکی گەورە و دەوڵەمەندترین کەسایەتی لادێکه بوو ،بۆیه هەمووکات جێگەی سەرنج بوو .لەبەرئەوە نەدەبوو ببێته هۆی شەرمەزارکردنی خێزانەکەی!!..

فەلاح لەو کاتەدا گرنگی بەدایکی ئەدا ، لەلایەکی ترەوە ئەبوو ئاگاداری عبدالڕحیمی هاوڕێی بێت ،و لەلایەکی تریشەوە تاقیکردنەوەکانی کە داهاتوی فەلاحی دیاری ئەکرد، بەڕاستی ململانێیەکی سەخت چاوەڕێی ئەکرد.

فەلاح ویستی بەدوای کاردا بگەڕێت و بژێوی خۆی و دایکی دابین بکات.

نەی ئەویست تاکو ماوە ئارەقی شەرمەزاری بسڕێت هەرکاتێك دەرگای ئەکردەوەو یارمەتی وەرئەگرت لە خێرخوازەکان، و وەڕس ببو لە وەی هەمیشە خەڵکی دەستی بگرن.

فەلاح ئەیتوانی داوی یارمەتی لە باوکی عبدالڕحیمی هاوڕێی بکات،هەرچەندە پیاوێکی زۆرباش و بەسۆز بوو وە یارمەتی خەڵکی ئەدا، بەڵام کەسایەتی ڕێگەی پێنەدەدا.

ئەو هەمیشە ئەم هۆنراوەیەی ئەوتەوە

لا تطلبن المعیشه بتذلل**فلیاتینك رزقك المقدور

واعلم بانك اخذ کل الذی**لك فی کتاب مقدر مسطور

لەو کاتەدا کار زۆر کەم بوو لە لادێکەدا،فەلاح بۆ ماوەیەکی زۆر بەدوای کاردا دەگەڕاو کەس کاری پێنەدا.نائومێدی کەوتە دڵی فەلاحەوە تاکو پیاوێك کە خاوەنی چەندین چێشتخانەیە لەلادێکە ئەوی خستە سەر کارلە یەکیك لە چێشتخانەکانی وە ڕۆژانە دوای تەواو بونی کارەکەی پارەی ماندوبوونەکەی وەردەگرت و بەسەربەرزیەوە ئەگەڕایەوە. ڕزق و ڕۆزی هیچ کەسێك ون نابێت تەنها ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە لەکارەکان پەلە دەکات.

پێویست بوو فەلاح تاقیکردنەوەکان لەبیرنەکات،هەروەها ئاگای لەدایکە پیر و نەخۆشەکەی بێت ، وچاوی لە هاوڕێ ونبوەکەشی بێت.

ئەو  لەنێوان ئەو قەرەباڵغی و ماندویەتیەی کە ڕوناکی  ڕۆژ و نیوەی شەوەکەی لێ بردبوو.بەیانیان لە چێشتخانە سەرقاڵی پاککردنەوەو لێنانی سەوزە، و برژاندنی باڵندە ، و کوڵاندنی گۆشت ، وئامادەکردنی کێك و شیرینی بوو .دوای ئەوە سەر مێزەکانی پاکدەکردوەوکۆیدەکردنەوە، قاپەکانی ئەشوشت.زۆرکات ئەوەندە ماندوو بوو نەی ئەتوانی بەپێوە بوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا نوێژ و عیبادەت و خواپەرستی لەیاد نەکردبوو نویژەکانی لەگەڵ خەڵکی لادێکە لە مزگەوت بە کۆمەڵ ئەنجام ئەدا .



کاتێك کارەکانی چێشتخانەی تەواو ئەکرد بەرەو خانوە کۆنەکەی ئەگەڕایەوە ، دایکە پیرەکەی بەڕویەکی خۆش و نزا وهیوایەکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکرد.سەرەڕای پەککەوتەی و نەخۆشیەکەی بەرەو لای ئەهات و لە ئەحواڵ و کاروبارەکانی

ئەپرسی، دایك و کوڕ ئەوەی خودا پێی بەخشیون ئەو ڕۆژە بە سوپاسگوزاریەوە ئەیانخوارد ،ودواتر هەریەکێکیان ئەچونە سەر جێگا کۆنەکانیان و ئەم دوعایە ئەخوێند(باسمك ربی وضعت جنبی، وبك ارفعه ان امسكت نفسي فارحمها وان ارسلتها فاحفظها بما تحفظ بی عبادك الصالحين).

کاتی تاقیکردنەوەکان هات و فەلاح هەموو بەیانیەك زوو لەخەو هەڵدەسا و بەسوپاسگوزاریەوە پێشوازی لە ڕۆژێکی نوێ ئەکرد ،دەستنوێژی هەڵدەگرت و  ئەڕۆیشت بۆ نوێژی جەماعەت.

جلەکانی لەبەردەکرد و نانی بەیانی ئەخوارد کەدایکی ئامادەی کردوە ،پێکهاتوە لە پارچەیەك نان و زەیتی زەیتون و کوپێك چای، دواتر بەرەو تاقیکردەوەکان ئەڕۆیشت.

ڕۆژێك لەڕێگا چاوی بە عبدالڕحیمی هاوڕێی کەوت :السلام علیکم ورحمە اللە وبرکاتە

عبدالڕحیم: وعلیکم السلام

فەلاح: ورحمە اللە وبرکاتە

عبدالڕحیم: ببورە ورحمە اللە وبرکاتە....دەنگوباست چۆنە فەلاح؟

فەلاح:لەخوا بەزیاد بێت باشم

عبدالڕحیم: ئەزانی دوێنێ شەو زۆر خۆش بوو لام ،بە جۆرێك کە تامی خەوم نەکرد.

فەلاح: ماشاء اللە، ماشاء اللە،  ئەم جدیەتیە چیە ؟ دیارە ئەمڕۆ زۆرباش خۆت ئامادەکردوە بۆتاقیکردنەوەکە؟

عبدالڕحیم:ئەوە باسی چی ئەکەی ؟! تاقیکردنەوە؟!

نا نەخێر هەموو شەوەکە سەیری یاری تۆپی پێم ئەکرد بەڕازیلیەکان زۆرباش یاریان ئەکرد لەبەرامبەر ئەڵمانیا و لێیان بردنەوە هەروەها

فەلاح بەسەرسوڕمانەوە قسەکانی پێ بڕی:

ئەڵێی یاری تۆپی پێ؟!

وە لەشەوی تاقیکردنەوە؟! وابزانم گاڵتە دەکەیت؟!

عبدالڕحیم:نا بەڕاستمە، بۆ ئەوە چی تێدایە؟

فەلاح:لاحول ولا قوة إلا باللّه، تۆ چیتە برام ؟! بەم دواییانە زۆر گۆڕاویت ، تۆزێك بێدەنگ بوو .

وتی بەهەرشێوازێک بێت تاقیکردنەوە یان سەربەرزت ئەکات یان ڕسوات ئەکات .

عبدالرحیم:لەهیچ مەترسە ئەمجارە پێشبڕکێت لەگەڵ دەکەم و بەچاوی خۆت ئەیبینی، ئەی ئەو کەسەی سەرقاڵی کاری جدی و ئامۆژگاری کردنی .

فەلاح:بڵێ إن شاء اللّه .

عبدالڕحيم:ئەيبينى ئەيبينى، دەی بابڕۆین کاتی زۆرمان بەفیڕۆدا بێ سود.

فەلاح لەهۆڵی تاقیکردنەوەکان دەرچوو بە عبدالڕحیمی وت: چۆن بوی لە تاقیکردنەوەکە؟

عبدالڕحیم لەدڵی خۆیدا هەستی بە خراپی و دۆڕانی خۆی ئەکرد ، وەڵامدانەوەکەم باش بوو چاوەڕوانی نمرەی باڵام لە زمانی عەرەبی

فەلاح: پیرۆزە، پیرۆزە ، بۆ بەیانی باش خۆت ئامادەبکە تاقیکردنەوەی بیرکاریمان هەیە

عبدالڕحیم:سوپاس، سوپاس... خوات لەگەڵ.

عبدالڕحیم کەوتە ڕێ بۆ ماڵی هاوڕێیەکی، وە فەلاح بۆ سەرکارە قورس و دژوارەکەی .

کاتێك خاوەنی چێشتخانەکە بینی کە فەلاح زۆر ماندوەو ئەرکێکی یەکجار زۆر و قورسی لەسەرە، بۆ ماوەی دوو هەفتە پشوی پێداو برێك پارەی خستە دەستی تاکو لەو کاتەدا بژێوی خۆی پێ دابین بکات، وە بتوانێت لەتاقیکردنەوەکان سەرکەوتوبێت و هەروەها چاوی لەدایکە بەتەمەنەکەی بێت.

فەلاح زۆر دڵخۆش بوو بەم چاکەیەی خاوەن چێشتخانەکە ، وە زۆر سوپاسی کرد و بەخێرای بەرەو لای دایکی کەوتە ڕێ
تاکو ئەم هەواڵە خۆشەی پێ ڕابگەێنێت
خاوەنی چێشتخانەکەی جێهێشت بە سوپاس و ستایش و نزای خێرەوە . زۆر بە دڵخۆشیەوە گفتوگۆیان ئەکرد، وخەندە لەسەر لێوەکانی لا نەدەچوو .

بەڵام ئەمە وای نەکرد کە ئەرکی هاوڕێیەتی وعبدالڕحیمی بیربچێتەوە و وتی: دایکە گیان من ئەزانم کەچی ئەکەم، بەڵام

دڵگرانم لەوەی بارودۆخی عبدالڕحیم ئاوای بەسەرهاتووە.

دایکی فەلاح:بیربکەوە کوڕم بزانە ئەتوانیت چ چاکەیەکی لەگەڵ بکەیت؟

فەلاح:ئەمشەو دووەم شەوی تاقیکردنەوەکانە وابیردەکەمەوە بڕۆمە ماڵیان، و کەمێك ورەی بەرز بکەمەوەو هەندێك

پێکەوە بخوێنین.

دایکی فەلاح:کارێکی زۆرباش ئەکەیت ، هیوادارم کە خودای گەورە سەرکەوتوتان بکات.

فەلاح خواحافیزی لەدایکە بەتەمەنەکەی کرد .

بەرەو ماڵی عبدالڕحیم کەوتە ڕێ ،کەشو هەوای دەرەوە زۆر سارد بوو بارانێکی بەخوڕ

دەباری .بەکۆڵانێکی تەسکدا ڕێی ئەکرد لە پڕ چاوی بە

عومەری هاوڕێی کەوت و زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی

سڵاوی لێ کردوو وتی:ئەم ڕێکەوتە جوانە چیە ؟!

بەم شەوەساردە !!

بۆکوێ ئەڕۆی عومەر ؟!

عومەر وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و وتی: بەرەو ماڵی عبدالڕحیم ئەڕۆم، تا پێکەوە بخوێنین و پێداچونەوە بکەین، ئەو زۆر پێویستی بە منە

ئەی تۆ...

چی بەم کاتە درەنگ و سەرمایە لەماڵەوە دەری کردوی؟

فەلاح:منیش بۆ هەمان بابەت ئەڕۆم بۆ ماڵی عبدالڕحیم.

عومر:سەیری ئەو ڕێککەوتە کەوایە با پێکەوە بڕۆین

خێراکە کاتمان زۆر لەدەست داوە.

عومەر و فەلاح هاوڕێیەکیان هەبوو ناوی مرشد بوو،کە لە کتێبخانەی لادێکە پێداچونەوەی ئەکرد وکەسێکی زۆر زیرەك و لێهاتوو بوو.

عومەر لەدەرگای دا: دایکی عبدالڕحیم :کێیە ، کێیە؟

عمر: من عومەرم هاوڕێی عبدالڕحیم وە فەلاحیشم لەگەڵە.



دایکی عبدالڕحیم دەرگای ماڵە ڕازاوەکەی کردەوە و بانگی کوڕەکەی کرد

کوڕم وەرە عومەر و فەلاحی هاوڕێت هاتون بۆ لات.

عبدالڕحیم بەدوودڵی و ساردیەکەوە هەنگاوێك ئەهات بەرەو لایان وهەنگاوێك ئەگەڕایە دواوە.

زۆر بە ساردی پێشوازی لێکردن

بەخێرهاتن خوێندکارە پابەند و زیرەکەکان چی ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە؟!

عومەر و فەلاح:السلام علیکم ورحمە اللە وبرکاتە

عبدالڕحیم:وعلیکم السلام ورحمە اللە وبرکاتە

فەلاح: عبدالرحیم چۆنی دەنگ و باست ؟

عبدالڕحیم: سوپاس بۆ خوا ،بۆچی هاتون ؟

عومەر:هاتوین بۆ سەردانیت ، هیچ ڕێگریەك هەیە؟

عبدالڕحیم زمانی تێکئاڵا: نا .... نەخێر... یاخوا بەخێربێن یاخوا بە خێربێن...ماڵی خۆتانە،....ماڵی خۆتانە یاخوا بەخێربێن.

فەلاح:پێداچونەوەی بیرکاریت تەواو کردوە؟.

عبدالڕحیم توشی سەرسوڕمان بوو:ئاه !! بیرکاری هەر لە خەیاڵم نەما بوو....، من سەرقاڵم بە میوانداری کردنی هاوڕێکانمەوە، ئەوان چاوەڕێم ئەکەن، حەز ئەکەن چاوتان پێیان بکەوێت؟

عومەر:ئێمە بۆ خوێندن و پێداچونەوە هاتوین وە تا یارمەتی یەکتر بدەین.

عبدالڕحیم:دەی وەرە بابڕۆین خوێندکارە پابەند و زیرەکەکە هێشتا کاتمان زۆرە بۆ خوێندن و پێداچونەوە.

عومەر و فەلاح بەدوودڵیەوە ڕازی بوون و بەرەو لای هاوڕێکانی عبدالڕحیم ڕۆیشتن.

لەڕێگا سەیری دیمەنی ناوماڵ و وردەکاریەکانی خانوەکەیان ئەکرد کە زۆر ڕازاوەبوو. کە چونە ژورەوە توشی سەرسوڕمان بوون،بینیان کۆمەڵێك گەنج لەدەوری مێزێك دانیشتون و یاری قومارئەکەن، بۆنی دوکەڵ و جگەرە کوێری ئەکردی.

عومەر زۆر تورەبوو کە ئەوەی بینی ڕوی کردە عبدالڕحیم و وتی :
ئەمانە هاوڕێکانتن.... ئەمانە هاوڕێکانتن، بەنەفرەت بن
...بەنەفرەت بن

ئەمانە هاوڕێن ئەمانە.....

فەلاح قسەکانی پێ بڕی، بێدەنگ بە عەیبە ئەم هەڵچونە چیە
عومەر..!

عومەر:ئەتەوێ چی بڵێم  دوای ئەوەی ئەمانەم بینی؟

فەلاح:شەیتان بەنەفرەت بکە و وامەکە نێوانتان تێکبدا لەگەڵ
هاوڕێکەت.

عبدالڕحیم قسەکانی پێ بڕین و وتی:ئەوە چی ئەڵێن لە نێوان
خۆتاندا من بۆنی سوکایەتی پێکردن ئەکەم لە  ماڵەکەی خۆمدا و
بە ئامادە بوونی  ئەزیزترین هاوڕێکانم.

فەلاح: گوێ پێمەدە، گوێ پێمەدە ،عبدالڕحیم ئێمە
نەهاتوین سوکایەتی بەتۆ  بکەین یان بەهاوڕێکانت
ئێمە تەنها هاتوین پێکەوە بخوێنین و پێداچونەوە بکەین و
قسە و ئامۆژگاری یەکدی بکەین.

عبدالڕحیم:ئامۆژگاری....ئاه.....ئاه ..... من پێویستم به ئامۆژگاری نیه، هیچ هەڵەیەك یاخود شتێکم بەرامبەر ئێوه نەکردوه تا جێگەی شەرمەزاری بێت .

عومەر بەتوڕەییەوە:ئای خوایه، ئای خوایه، ئەی نەخوێندن و خۆ

سەرقاڵ کردن بەهەڵە لەقەڵەم نادرێت ؟

ئایا قومار کردن هەڵە نیه؟

ئایا جگەره کێشان هەڵە نیه؟

زۆر سەیره لام چۆن ئاوا هەڵگەڕاویتەوەو سەروژێر بوویت، تۆ پێشتر وا نەبوویت و

وا ناتناسین !!

چیت بەسەر هاتووه ؟! چیت بەسەرهاتوه ؟ !

تکایه بەهۆش خۆت وەرەوە .

عبدالڕحیم:ئەمه خۆی له خۆیدا سوکایەتی پێکردنه

من ڕازی نابم هیچ کەسێك دەست بخاته ئازادیم و من کەسێکی ئازادم کەچی ئەکەم و چی ناکەم.

یەکێك لە هاوڕێکانی عبدالڕحیم  خۆی کردە ناوباسەکە، ئافەرم "ڕحیمۆ" ،تۆ کەسێکی ئازادیت

چیت پێ خۆشە ئەوە ئەنجام بدە، پارە پارەی خوتە، داهاتوی خۆتە، گوێ لە کەسانی بەخیل و گۆشەگیر مەگرە، دڵخۆشبە بەگەنجیت،

پێبکەنە، ژیان پێدەکەنێ بۆت....واز لەوانە بێنە شەوێکی دوور و درێژمان لەپێشە ،

دانیشتن لەتەنیشتی تۆوە چەندە خۆشە"ڕحیمۆ"

دانیشتن لە تەنیشتی تۆوە چەندە خۆشە " ڕحیمۆ"

فەلاح:برا ئەزیزەکەم ئەی کەی ئەخوێنیت بۆ تاقیکردنەوەکە کە داهاتوت دیاری ئەکات؟

عبدالڕحیم: من پێویستم بە بڕوانامە نیە ،من تاقانەم، دایك و باوكم دەوڵەمەندن و موڵك وماڵێكی زۆرمان هەیە، فەلاح

دوای ئەوەی خوێندن تەواو ئەكەی و بڕوانەمەی بەرز بەدەستدەهێنیت  لای خۆم دات ئەمەزرێنم وە پارەیەكی زۆرت پێدەدەم،

بەڵام تۆ عومەر بڕواناكەم هیچ كارێك بدۆزمەوە بۆت چونكە توڕە و توندی و بەكەڵكی كاركردن نایەی لەلای من.

عومەر:هەرگیز نەپێویستیم بەتۆ،  نە بەكاری تۆ ئەبێت بە پشتیوانی خودا دواتریش ئەیبینین.

فەلاح: دەی عومەر بابڕۆین شەڕكردن خێری لەدوا نیە ،

عبدالڕحیم: واز لە قسەی فەلسەفی بێنن و وەرن ڕابێرن و دڵخۆش بن، شەوێكی دوور و درێژمان لە پێشە، دەنگی پێكەنینی هاوڕێكانی عبدالڕحیم بەرزبوەوە ، هاها.. هاها..ها ، ئافەرم ڕحیمۆ تۆ پاڵەوانی، تۆ پاڵەوانی ، چەندە ئازایت، چەندە ئازایت.

عومەر:"ڕەحیمۆ" چەند ئازایت" !!!  ئەم جۆرە قسەکردنانە چیە !!...ئێوە کەسانی لەمەباشترن ، هیوادارم خودا بتانهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاستی. چونکە بە فیڕۆدانی کات و پارە و سەروەت وسامان ،دەبێتە هۆی  تورەبوونی خودای گەورە .بۆیە تا زوو داوای لێخۆشبوون بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خودا.

فەلاح:ئەی خودای تاك و تەنها و باڵادەست عبدالڕحیمی هاوڕێمان ڕزگار بکە لە دەست هاوڕێی خراپ و بەلاڕێدا ڕۆیشتوو.

عبدالڕحیم: سوکایەتی بە هاوڕێکانم ئەکەی و لەپێش چاوی خۆم، لەبەرچاوم ون بن، بێزاربووم. ئەترسم شتێکی خراپ ڕووبدات تا زیاتر لێرە بمێننەوە و ئەم جۆرە قسانە بکەن.

فەلاح و عومەر بەرەو دەرگاکە کەوتنە ڕێ و دڵیان زۆر پڕ بوو

دایکی عبدالڕحیم پێشی لێگرتن و وتی:بەم درەنگانی شەوە بۆ کوێ ئەڕۆن ، شەو زۆری نەماوە و پێداچونەوەتان ماوە.

عمر:دایکی بەڕێزم ئێمە بۆ کات کوشتن نەهاتوین بۆ ئێرە هیوادارم دەستی کوڕە بەنازەکەت بگریت و بیهێنیتە سەر ڕێگەی ڕاست و ڕزگاری بکەیت لەدەست هاوڕێ و دۆستی خراپ

پێش لەدەستدانی.

دایکی عبدالڕحیم: کوڕەکەم ئازادە کە چی ئەکات و پێویستی بە وانەی پەروەردە نیە، و ئێوە پێگەو شوێنی کۆمەڵایەتی ئەزانن لەناو خەڵکیدا.

کەسێکی شکۆدار و ڕێك و پێکە، بۆیە پێویست ناکا ئێوە بەم جۆرە قسە لەسەرکەسێك بکەن کە لە ئێوە شکۆدارتر و

ڕێك و پێکترە.

فەلاح: دیارە کە کوڕەکەت هاوشێوەی خۆتە هیوادارم لە داهاتودا ببێتە هۆکاری دڵخۆشی و شانازیت.

عومەر:دەی فەلاح بابڕۆین ، سڵاومان بەهاوسەرەکەت بگەێنە

خودا لێتان ببورێت

دایکی عبدالڕحیم: خواتان لەگەڵ فەیلەسوفەکانی ئەم سەردەمە .

فەلاح: خودا لێت ببورێت دایکی عبدالڕحمان

فەلاح و عومەر بە دڵێکی بە ئازارەوە ماڵەکەیان جێهێشت و زۆر دڵتەنگ بوون بە و بارودۆخ و گوزەرانەی ئەو خانەوادەیەی تێکەوتبوو .

بەڵام ئەمە وای نەکرکە سارد ببنەوە لە خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان و بەرەوو کتێبخانەی مزگەوتی لادێکە بەڕێکەوتن ،

لەوێ چاویان بە مرشدی هاوڕێیان کەوت کە ئەویش خەریکی خۆ ئامادەکردن و پێداچونەوە بوو ، تا درەنگانێکی شەو مانەوە و دواتر هەریەکە و بۆ ماڵی خۆیان بەڕێکەوتن.

فەلاح بەرەوو خانوە کۆنەکەیان کەوتە ڕێ بەو سەرماوسۆڵەی زستانە ، وەگەیشتەوە و لەدەرگای دا . دایکی دەرگای کردەوە ،

خەو لەچاوانی تارابوو چاوەڕوانی فەلاحی کوڕی بوو کە

ئەو شەوە زۆر دواکەوت لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە

ترسابوو لەوەی شتێکی بەسەرهاتبێت، هەرکە بینی

خێرا باوەشی پێداکرد و وتی: سوپاس بۆ خودا کە بە سەلامەتی گەڕایتەوە کوڕی شیرینم ، ئەو هەموو کاتە

لە کوێ بوویت؟

زۆر دڵم لات بوو

فەلاح:زۆر داوای لێبوردن ئەکەم دایکە گیان ، هەرگیز دووبارە نابێتەوە

- بە پشتیوانی خودا-

هەموو ئەوەی کە ئەو شەوە ڕوویدا

بۆ دایکی گێڕایەوە و زۆر دڵگران بوو لەوەی بەسەریان هاتوە . داوای لەخودا کرد کە ڕێنموونیان بکات و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست.

دایکی کورسیەکی هێناو قاپێك شۆرباو پارچەیەك نانی دانا ، نانیان خواردو سوپاسی خودایان کرد بۆ ئەو بەخشینەی کە پێی بەخشیون.

لەناکاو دایکی ڕەنگی سپی بوو نیگەرانی پێوە دیار بوو،

خەیاڵی هاوسەرە ڕۆیشتوەکەی هاتە پێش چاوی کە لەگەڵ کوڕەکەی تەنیا جێی هێشتن ،و چاوی پڕبوو لەفرمێسك، هاوسەرەکەی پیاوێکی کاسب بوو شۆفێری بارهەڵگر بوو

باری ئەبرد بەرەو شاری"الزهور "کەچەند میلێك لە لادێکەیانەوە دوور بوو.

لەناکاو توشی نەخۆشیەك بوو بەپەلە گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانە بەڵام دەستبەجێ گیانی پاکی سپارد و بەجێی هێشتن.فەلاح:دایکە گیان بۆچی دەگریت؟!

دایکی فەلاح: گرینگ نیە کوڕی شیرینم گرینگی پێ مەدە .

فەلاح:چۆن گرینگی پێ نەدەم ئەو ڕوخسارە گەش وبێگەردەی تۆ هەوری ڕەش داپۆشیووە چی دڵگرانی کردووی ؟!

دایکی فەلاح:خەیاڵی باوکت هاتە پێش چاوم ئاگام لەخۆم نەما

لەناکاو ڕەنگ و ڕوخسارم تێکچون.

فەلاح:خودا لێت خۆشبێت باوکە گیان ، باوکم لای خودای هەڵبژارد و جێی هێشتین لەم دونیای بێ کەسی و نەهامەتیەدا.

دایکی فەلاح: باوکت نەمردووە کوڕم  ئەو کوڕێکی باشی وەکو تۆی بۆ جێهێشتوم   هەمیش نزای خێری بۆ بکە، باوکت کەسێکی خواپەرست بوو، ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ بوو ،  لەگەڵ خەڵکی ڕاستگۆ بوو،هیوادارم تۆش وەکو ئەو بیت، هەرچەندە زۆر لەو دەچیت.

تۆ دڵێکی نەرم و نیانت هەیە وەلەکارەکەتدا زۆر ڕاستگۆ و کۆڵنەدەریت،

ئەمەش ئەو ڕەوشتانە بوو کەباوکی کۆچکردووت هەیبوو

-خودا لێی خۆشبێت-.

فەلاح :خودا لێی خۆشبێت

دایکی فەلاح: ئامین یا رب العالمین

فەلاح: نزام بۆ بکە کە سەرکەوتووبم دایکە .

فەلاح : دایکە

دایکی فەلاح:ئامین... چی تر کوڕی شیرینم؟

فەلاح: نزام بۆ بکە کە کارێکم هەبێت و بتوانم لە ئازاری هەژاران کەمبکەمەوە و بتوانم یارمەتیان بدەم .

دایکی فەلاح :ئامین.... چی تر؟

فەلاح: نزا بکە خودای گەورە خانویەکی جوان و گەرممان پێ ببەخشێت کە لە ناوی ئاسوودەبین و پشووبدەین .

دایکی فەلاح:ئامین.... ئەی چی تر؟

فەلاح : ئەها بیرم کەوتەوە  نزا بکە کە خودای گەورە

ڕێنمونی عبدالڕحیمی هاوڕێم بکات و بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست

دایکی فەلاح:ئامین ...ئامین...ئامین.



چەند ساڵێك تێپەڕی و بە ویستی خودای گەورە و نزاکانی دایکی فەلاح ،

فەلاح چەندین سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و زۆر بەرەو پێش چوو .

لە تاقیکردنەوەکانی ناوەندی سەرکەوتوو بوو،

وە لە بەرزترین زانکۆکان خوێندنی تەواو کردوو بە پلەیەکی زۆرباش و پزیشکێکی نایاب دەرچوو .

لە لادێکەی خۆیان نۆرینگەیەکی کردەوە کە تیایدا پێشوازی لە نەخۆشی هەژار و دەوڵەمەندەکان دەکرد. خودا هاوسەرێکی دڵسۆزی پیبەخشی.

خانوویەکی ڕازاوەی پێك هێنا کە لەدوو قات پێکهاتبوو

بە باخچەیەکی جوان و دارو درەخت دەورەدرابوو

دایکی بەتەمەنا چوبوو ،

جل و بەرگی جوان و ڕێکی دەپۆشی و بەسەر ڕاخەرێکی جواندا هاتوچۆی ئەکرد وە لەسەر کورسی دادەنیشت لەکاری خودا کە چەندە جوانە .چۆن ژیان دەگۆڕێت.

بەڵام عومەر پسپۆڕیەکی جیاوازی هەڵبژاردوو بەردەوام بوو لە خوێندنی زانکۆ ، و بوو بە دادوەر

تاوای لێهات بوو بە یەکێك لە دادوەرە دیارەکانی لادێکە و بەدادوەرێکی یەکسان ناسرابوو ، نە هەژار ستەم لێکراو بوو نە دەوڵەمەند و  دەست ڕۆیشتوو دەیانتوانی زیادەڕەوی بکەن  .

هەروەها مرشد خوێندنی ئاینی هەڵبژارد وزانکۆی شەریعە و دادوەری  تەواوکرد، بو بە بانگخواز و ڕێنوێنی خەڵکی دەکرد .

کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و لێبووردە و ئارام بوو ، خەڵکانێکی زۆر لەسەر دەستی  گەڕانەوە سەر ڕێگەی ڕاست .

هەرچەندە پسپۆڕیەکەیان جیاوازە بەڵام ئەمە نەبوە هۆی جیاکردنەوەی ئەم سێ هاوڕێیە و هەمیشە سەردانی یەکتریان دەکرد ، بێ لەوەی لە مزگەوت یەکیان دەبینی بۆ نوێژ و قورئان خوێندن.

ڕۆژێکیان فەلاح سەرقاڵی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بوو لەناکاو پیاوێکی بینی لەناو خوێندا

نقوم ببوو لە نێوانی دوو پیاودا بوو کە هەڵیانگرتبوو لە چاوەڕوانی چونە ژورەوەدا هاواریان ئەکرد

حەڵەتێکی لەناکاو، حاڵەتێی لەناکاو ، ڕێگەکە چۆڵکەن ،

ڕێگەکە چۆڵکەن، خەڵکەکە ڕێگەیان بۆ کردنەوە تا نزیکبونەوە ،

فەلاح لێی پرسین ئەمە کێیە؟!

لەکوێوە هێناوتانە؟!


غرفة العمليات

یەکێك لەپیاوەکان: ئێمە نایناسین ، هەرچی پێبووە لێیان بردووە ، هیچ شتێکی پێ نیە تا بزانین کێیە، تەنانەت جل و بەرگەکانیشیان بردووە.

لەدەرەوەی لادێکە دۆزیمانەوە ،لەناو خوێنی خۆیدا نقوم ببوو بەزەیی خودا نەبوایە تیادەچوو.

فەلاح:سوپاس بۆ خوای گەورە بارودۆخیشی زۆر خراپە،

پێویستە بەزووترین کات نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدریت، بۆ وەستاندنی ئەو خوێنبەربوونە زۆرەی. پێدەچێ بە پارچە ئاسنێک لێیدرابێ، دەبێ چ کەسێکی بێ بەزەیی ئەم کارەی ئەنجامدابێت.!!

نەخۆشەکە بە ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی نزیك لادێکە ، کە کاتژمێریك دوور بوو

بە هاوکاری دکتۆر فەلاح گەیاندیانە ژووری نەشتەرگەری

و خوێنی خۆی پێبەخشی ،بەڵام هەستی بەشتێکی نامۆ دەکرد بەرامبەر ئەم نەخۆشە.

کەپێشتر هەستی پێنەکردبوو ، زۆر سەرسام بوو .

بارودۆخی نەخۆشەکە جێگیر بوو ،وردە وردە بەرەووباش بوون دەچوو ،

تاوایلێهات توانی قسەبکات و نان بخوات ، وە هێزی بۆ بگەڕێتەوە .

ڕۆژێك دکتۆر فەلاح نۆرینگەکەی داخست و سوربوو لەسەر ئەوەی

سەردانی ئەو نەخۆشە سەیرە بکات.

هاتە ژورەوەو سڵاوی کرد،

بە هێمنی وەڵامی دایەوە

عل...یکم.....الس....لام...و..رحمم...ﷲ

دکتۆر قسەکەی پێ بڕی ،کێشە نیە ... کێشە نیە خۆت ماندوو مەکە، تۆ پێویستت بەپشوە تاکو بەزووترین کات چاکببیتەوە، وەتۆ زۆربەباشی بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیت،..

بەڵام تۆ کێی؟

کێ ئاوای بەسەرهێناوی ؟

چیرۆکی تۆ چیە؟

نەخۆشەکە: ئاە..من ئازارم هەیە....دەرمانم ئەویٚ....ئازار شکێنم بۆ بێنن... تکایە دکتۆر

دکتۆر:خەمت نەبێ هێمن بەوە ئێستا بۆت ئەهێنین

پشو بدە..... کەمێک پشو بدە .

دکتۆر فەلاح لەژوورەکە دەرچوو دەرمانی بۆهێنا ، بەڵام فەلاح جێی نەهێشت تا چووە خەوێکی قوڵەوە ، بەڵام نەخۆشیەکە ماندووی کردبوو ، جار جار

بەدەم خەوەوە وڕێنەی ئەکرد، و ئەی وت تکایە مەمکوژن هەموو پارەکەم ببەن تەنها مەمکوژن....!!



بۆ ڕۆژی دواتر دکتۆر فەلاح ئارەزوویکرد سەردانی نەخۆشەکە بکاتەوە،

بێ ئارام بوو تا چوە نێوو ئۆتۆمبێلەکەی و بەرەو نەخۆشخانەکە بەڕێکەوت.

لەبەرخۆیەوە دەی وت (دەنگی نامۆ نەبوو لەگوێمدا)،

هەروەها لە ڕوخساریشی  شتێك هەیە بۆ لای ئەو ڕامدەکێشێ، پێویستە ئەم نهێنیە ئاشکرا بکەم ، هیوادارم ئەمجارە تەندروستی باش بێت..!!)

دکتۆر فەلاح چوە ژورەوە،بەرەو لای نەخۆشەکە ڕۆیشت وسڵاوی لێکرد ، ئێستا تەندروستیت چۆنە؟ وەڵامی دایەوە ،

الحمدللە زۆرباشم، ویستی هەڵسێت دکتۆر وتی هەڵمەسە

هێشتا برینەکانت چاك نەبۆتەوە .

دکتۆر : ئەی کەسە باشەکە تۆ کێی؟

نەخۆشەکە:ئاە... ئەگەر کەسێکی باش بومایە وام بەسەرناهات!!!

دکتۆر:وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە..!

باشە دکتۆر:من لە خێزانێکی ناودار و دەوڵەمەندم ،

بەڵام بەپێی کات توشی هاوڕێی خراپ بووم وئاوام بەسەرهات.

دکتۆر:چیتر؟

من کوڕی یەکێك لەگەورە بازرگانەکان بووم ، هەمووان خزمەتیان دەکردم بەمەبەستی ئەوەی نزیک ببنەوە لێم ، دواتر نقوم بووم لەناو هاوڕێی نادروست و ناڕاست .

دکتۆر: پێویست بە ئاە هەڵکێشان ناکات و ڕابردوو لەیادبکە ،

تۆ زیاترم پێ بڵێ لەبارەی خۆتەوە .

نەخۆش:من خەڵکی لادێی(ریاحین)م کە کاتژمێرێك لێرەوە دوورە.

دکتۆر: چۆن ..؟!!

تۆ خەڵکی"ریاحین"یت منیش خەڵکی ئەوێم

مەبەستت کامە گەورە بازرگانە ؟!

ئەو بازرگانە ئەناسی کە کوڕێکی تاقانەی هەبووناوی

عبدالڕحیم بوو ؟

دکتۆر:بەڵێ دەیناسم .

بەڵێ من عبدالڕحیمم...

ئەم هەواڵە وەك هەورەبروسكەیەك بوو بۆ فەلاح،لەبەر خۆیەوە ئەی وت شتی وا ئەستەمە !!!

باوەڕبەمە ناكەم ....باوەڕناكەم...تۆ عبدالڕحیمیت
بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ منم..!!

دكتۆر بەخێرای وبەتوندی لە ئامێزی گرتوو چاوەكانی پڕ بوون لەفرمێسك و وتی : تۆ زۆر گۆڕاویت

كوا ئەم هەموو جوانیەت؟! كوا گورج و گۆلیەكەت؟!

كوا بەنازیەكەت؟!

هەموو ئەمانە بۆ كوێ ڕۆیشت؟

دكتۆر تۆ من ئەناسیت ؟

دكتۆر فەلاح: بەڵێ .. بەڵێ من فەلاحم هاوڕێ دێرینەكەت .

عبدالڕحیم: باوەڕ بەچاوەكانم ناكەم بەڕاستی ئەوە تۆیت؟

بەڵێ، بەڵێ منم ، لەناكاو لەسەر جێگاكەی هەڵسایەوەو

دەستی كرد بەگریان و وتی :


سوپاس بۆ خودا كەسەلامەتم....

سوپاس بۆ خودا كە سەلامەتم

بەشێوەیەك هاواری ئەکرد کە هەموو پزیشك و خەڵکی ئەو نەخۆشخانەیە سەریان سوڕما بەم دیمەنە .

دیمەنی دوو هاوڕێی خۆشەویست کەدوای ساڵانێکی زۆر بەیەکتر شادبوونەوە دوای ئەوەی بێ هیوابوون لە وەی کە ڕۆژێك لەڕۆژان یەکتر ببیننەوە.
دکتۆر فەلاح : ئارامبەوە هیچ نیە، هیچ نیە ، ئیتر تۆ لە نێوو هاوڕێ و خۆشەویستانتدایت، لەهیچ مەترسە
خودا ڕزگاری کردی  هەمیشە سوپاسگوزاری خودا بە.

عبدالڕحیم بەچاوی پڕ گریانەوە هەنسکی ئەدا و وتی:
سوپاس بۆ خودا کەسەلامەتم ، سوپاس بۆ خودا کەسەلامەتم
دواتر فرمێسکەکانی سڕیەوەو وتی:



وتی:بمبەخشە هاوڕێکەم تۆم نەناسیەوە ، ڕیشت زۆر

ڕوخساری گۆڕیویت .

دکتۆر فەلاح:منیش تۆم نەناسیەوە ، بارودۆخ و ئاستانگەکانی ژیان ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕیوی و ڕوخسارە گەشەکەت

وەکو پێشو نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بەشتێکی سەیر ئەکرد

بەرامبەر بەتۆ. ئەوەتا هەستەکانم هەڵە نەبون

بەخێربییتەوە هاوڕێی دێرینم.

لەکاتێکدا کە خەریکی گفتوگۆو گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی ڕابردوو بوون ، لێکۆڵەرەکە هاتە ژوورەوە

پاش سڵاوکردن وتی: تۆ عبدالڕحیمیت

فەلاح وتی: بەڵێ ئەوە عبدالڕحیمە شتێکتان پێویست بوو ؟

لێکۆڵەرەکە:بەڵێ پێویستە ئەم نامەیەت پێبدەم.

عبدالڕحیم:تکایە بیگەیەنە دەستم، خوایە خێری تێدابێت.

لێکۆڵەرەکە:پشت بەخودا خێر دەبێت.

دوای ئەوەی عبدالڕحیم سەیری کرد ،دایەدەستی فەلاح
و زانی کە دادوەر دۆسیەیەکی کردۆتەوەو ئەیەوێ
ڕاستی بابەتەکە ڕونببێتەوەو تاوانباران بە
سزای خۆیان بگەن.

پێویست بوو عبدالڕحیم بڕواتە دادگا،وتەکانی خۆی تۆماربکات
دوای دوو ڕۆژ دوو لێکۆڵەر هاتن و پرسیارێکی زۆریان لە
عبدالڕحیم کرد ،ئەویش بەڕاستی و دروستی وەڵامی هەموو
پرسیارەکانی دانەوە.

دوای ماوەیەك تاوانباران دەستگیرکران و زیندانیکران .

تا ڕۆژی دادگای کردن لەوێ مانەوە.

هەروەها پێویست بوو کە عبدالڕحیم بڕواتە بەردەم دادگا لەبەر
ئەو تاوانانەی کە ئاراستەی کرابوو.

دوای چەند ڕۆژێك بارودۆخی عبدالڕحیم باشتر بوو بەیارمەتی
دکتۆر فەلاح توانی خۆی کۆبکاتەوە.

ڕۆژی دادگای هات و هەمووان ڕۆیشتنە بەردەم دادگا ، تاوانباران بەسزای خۆیان گەیشتن و فەرمانی دەستگیرکردن و زیندانی هەتا هەتاییان بۆ دەرچوو ، بەتۆمەتی دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی خەڵکی و هەوڵدان بۆ کوشتنی عبدالڕحیم ، ئەمەش لەدانپێدانانەکانی خۆیاندا هاتبوو کە دانیان بەهەموو تاوانەکانیاندا نابوو لە کۆتایدا.

یەکێك لەبڕیارەکانی تری دادگا ئەوە بوو کە پێویستە عبدالڕحیم قەرزەکانی پێشوی بداتەوە، بۆیەهەموو ئەو موڵك وسەروەت و سامانەی مابوو هەمووی فرۆشت ،

تەنانەت خانوە گەورەکەش سەلامەت دەرنەچوو ، پێویست بوو کە بیفرۆشێت.

وە فرۆشرا بەڵام خاوەنەکەی لەزیندان ڕزگاری بوو.



دادوەر عومەر دەستێکی باشی هەبوو لەم دۆسیەیە و ڕزگارکردنی عبدالڕحیم، وە خودا ویستی لەسەربوو کە ئەم دوو هاوڕێ کۆنە دوای ماوەیەکی زۆر  بەیەکتر شادببنەوە، ئەتوانین بڵێین لەکاتی دادگاییکردنەکەدا پەیوەندی نێوانیان زیاتر توندو تۆڵ بوو.

کاتێك کە باوکی عبدالڕحیم کۆچی دوای کرد سەروت و سامانێکی

زۆری بۆ کوڕەکەی بەجێهێشت، بەڵام ئەو نەیزانی خاوەندارێتی بکات ،

بەڕاست و چەپیدا پارەی بەهەدەر دەدا  لە قومار و ڕابواردندا .

 بازرگانی وکارەکانی باوکی بەتەواوی

پشتگوێ خستبوو ، هەموو ماندوبوونی باوکی بە کەمترین نرخ فرۆشتەوە. وایلێهات ناوبانگی باوکی بەکاردەهێنا بۆ قەرزکردن لەناو خەڵکیدا، وە قەرزێکی زۆری کرد .

دایکی لە دووری هاوسەرەکەی و خەمی کوڕەکەی سەری نایەوەو ئەویش وەفاتی کرد.

کوڕەکەی لەڕێگا دەرچووبوو ناوناوبانگی بە خراپە کەوتبوە سەر زاری خەڵکی . وەئەوەی

ژیانی خراپتر کرد ئەوەبوو کە وازی لە چونە خوێندنگە و خوێندن هێنابوو، بەشێوەیەك نەیتوانی بڕواتە زانکۆ . بەڵکو پێی باشتر بوو کە ڕابوێرێ و بخوات و بخواتەوە و گوێی بەهیچ نەدا.

کاتێك کە قەرزەکانی ڕوی لە زیادبوون کرد، و ناو وناوبانگی

لەکەداربوو، ئیتر خەڵکی کەوتنە هەڕەشەکردن لێی، تا لەچاوان ون بوو ، وە ئەو لادێیەی بەجێهێشت.

هەمووان پێیان وابوو کە مردووە یان کوژراوە.دوای ساڵانێکی زۆر بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ لادێکە .

هەرکە گەیشتەوە لادێکە ، سێ کەس لەهاورێ کۆنەکانی پێشوتری ڕێگەیان لێگرت، یەکێکیا وتی :لەکۆتایدا گەڕایتەوە بۆ

ناومان گەمژە .

ئەوەی تر وتی: کوا ئەو گەوهەرانەی

دایکت کە بەڵێنت پێدابووم ، کاتێك

لەقومار دۆڕاندت ، ئەی لێم نەبردیتەوە؟

سێیەمیان وتی:ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە یان ئەوتا پارەکانمان بۆ ئەگەڕێنیتەوە ، یان

هەر لێرەداکۆتای بەژیانت ئەهێنین بەم پارچە ئاسنە ،

ئەمجارە ڕزگاربونت نیە .

تا وای لێهات عبدالڕحیم ئەپاڕایاوە لێیان و دەست و پێیانی ماچەکرد و دەیوت : تکایە وازم لێبێنن لێمگەڕێن بابڕۆم، ئێوە هەموو شتێکتان لێ سەندم ، گەنجیم و موڵك و ماڵ و سەروەتەکەم ، وە دایکم و ناو و ناوبانگی باوکم .

تکایە مەمکوژن من هاوڕێتانم.

یەکێکیان وتی: نا نەخێر ئەوەندە بەس نیە ، گومان دەبەم ئێستەش پارەت ماوە .

خۆ تۆ باوکت شەیتانێکی گەورەی دەریا بوو، دایکیشت هەروەکو مار بوو.

عبدالڕحیم: تکایە لێمگەڕێن بابڕۆم، تکایە وازم لێبێنن
قسەکانی تەواو نەکرد یەکێکیان بەشیشەکە کەوتە لێدانی،
کەوت و لەناو خوێن نقوم بوو ، جل و بەرگ و هەرچی پارەو
پول هەبوو لەگەڵ خۆیان بردیان و هەڵهاتن.

ئەوان خیانەتکار بوون بەرامبەر بەهاوڕێکەیان ، کە
چەندین ساڵ هەوڵی ڕەزامەندی ئەوانی ئەدا و هەرچیان وتبا
جێبەجێی ئەکرد، بەزەییان پێدا نەهاتەوە.

ئەوە ئەنجامی هاوڕێیەتی کەسانی خراپ و دووربوون
لەخێزان و هاوڕێ و دۆستی چاکە .لەهەموو کاتێك و هەموو شوێنێکدا.

عبدالڕحیم ناچار بوو هەموو سەروەت و سامانەکەی بفرۆشێت،
هەموو شتێکی لەدەستدا و دەستبەتاڵ مایەوە .

بوو بەکەسێک جێگەی بەزەیی ، کە پێشتر خاوەنی موڵك و ماڵ و
ناوبانگێکی زۆربوو ، تەندروستی ناجێگیربوو ، کە پێشتر
تەندروستی زۆرباش بوو.

هەژاربوو، کە پێشتر زۆر دەوڵەمەند بوو ،

خودای گەورە ئاوا ڕۆژەکان دەگۆڕێ و بارودۆخی ژیان جێگیر نیە .

دکتۆر فەلاح و دادوەر عومەر هەوڵێکی زۆریان دا بۆیارمەتیدانی
هاوڕێ دێرینەکەیان ، هەمیشە نزیك بوون لێی و هەوڵیان ئەدا
ئازارەکانی کەم بکەنەوە ، خانویەکیان بۆ کڕی و خواردنیان بۆ
دابینکرد ، وە کارێکیان بۆ دۆزیەوە.

سەیرە !! هەر دوێنێ بوو عبدالڕحیم بە فەلاحی دەوت :
لەکۆمپانیاکەی خۆم کارت پێدەدەم ، بەڵام قەدەر وایکرد کە ئەو
کارە پێچەوانەبێتەوە .

عبدلڕحیم بوو بە پەرستار و لە نۆرێنگەکەی دکتۆر فەلاح دەستی بەکارکردن کرد. دەسەڵاتی خودا چەند گەورەیە

بەڵام هەموو ئەمانە نەبونە هۆی کەمکردنەوەی غەم وپەژارەی عبدالڕحیم.

چیتر ژیان ئاسان نەبوو،هیچ هۆکارێکی نەمابوو بۆ ژیان

عبدالڕحیم زۆر پەشیمان بوو لەوەی کە پشتی لەخودای گەورە کرد، وە مافی دایك و باوکی نەدا، سەروەت و سامانەکەی

بەفیرۆدا، ناو و ناوبانگی باوکی لەکەدارکرد و بەگوێی دایکی

نەدەکرد ، کەوتە دوای شەیتان .

بارودۆخی تا دەهات خراپتر دەبوو ،زۆربەی کاتەکانی

بەگریان وتەنهای بەسەردەبرد، لەخەڵکی دوردەکەوتەوەو

تەنهای هەڵبژارد، ڕەنگی زەرد و ڕوخساری سپی ببوو

بەتەواوی بێ هێز و لاواز ببوو ،

خۆی دابوە دەستی مردن . زۆر ئەترسا لەوەی بڕواتە دۆزەخەوە

هەموو کاتێك دەی وت :

تاوانم زۆرە ، وە سزای خودای گەورەش زۆر سەختە .

بەڵام هەموو ئەمانە ڕێگر نەبوون لە ڕۆیشتی بۆ مزگەوت و ئەنجامدانی نوێژەکانی ، زۆربەی ڕۆژەکان بەڕۆژوو ئەبوو .

ماف و قەرزی ئەوکەسانەی دایەوە کەلای بوو ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی بەرەو خراپتر ئەڕۆیشت و هەمیشە غەمباربوو

یاخود خەیاڵی ڕۆیشتبوو .

هەندێ کاتیش

ئەڕۆیشتە سەر گۆڕی دایك و باوکی، ئەکەوتە سەر ئەژنۆ و بەکوڵ ئەگریا وداوای لێخۆشبونی لێ ئەکردن، ئەم دیمەنە

دڵی ئەکرد بەئاو ، هاواری ئەکرد(دایکە....باوکە ئێوە لەکوێن؟

بۆ تەنها جێتان هێشتم ، تاکو باڵندەی ئاسمان بمفڕێنێ و

دڕندەکانی زەوی قوتم بدەن؟ خۆزگە مردن

بە پارە بوایە ، خۆزگە مردن بەپارە بوایە، هەر ئێستە ئەمکڕی

تا بگەمە لای ئێوە).



خەڵکیش لەدەوری کۆدەبونەوە،وبەزەییان پێدا ئەهاتەوە

هەوڵیان ئەدا ئارامی بکەنەوە، و سۆزو بەزەیی خودای گەورەیان

بیردەهێنایەوە.

ئامۆژگاریان ئەکرد کە سەبر بگرێت، خودا بە ڕەحم و بەزەییە

بەڵام هەموو ئەمانە بێ سوووود بوو تا دەهات بارودۆخی زیاتر تێکدەچوو.توشی ڕشانەوە بوو،هەمووان هەستیان کردبوو کە

خەریکە بەرەو مردن ئەڕوا.

ڕۆژێکیان فەلاح بڕیاریدا کە عبدالڕحیم ببات بۆ لای شێخ مرشد

بۆ گوێگرتن لە وانەی قورئان لەمزگەوت،قەدەریان وابوو کە وانەی ئەو ڕۆژە تەفسیری ئەم سورەتە بوو(قل یا عبادی الذین

أسرفو علی انفسهم لا تقنطو من رحمه الله إن الله یغفر الذنوب جمیعا إنه هو الغفور الرحیم) ) سوره الزمر ایه ٥٣).

شێخ مرشد وتی خودای گەورە دەرگای کراوەیە بۆ

هەموو ونبوەکان،وەسۆز و بەزەیی بێ سنورە ، هەرچەندە

تاوان و گوناهت زۆر بێت، تەنانەت ئەگەر بەقەد

ئاسمانەکان و زەوی بێت، سۆز و میهرەبانی خودای گەورە هێشتا لەوە زیاترە، وەلە وتارەکەیدا زیاتر باسی سۆزو میهرەبانی خودای گەورەی کرد و ستایشی کرد .

لەناکاو عبدالرحیم  دەستی کرد بە گریان و هاواری کرد( هەموو خەڵکی بەهەشتین  تەنها من نەبێ، من شایەنی هەموو ئازارێکم ،لەهەموو ڕویەکەوە

تاوانبارم ) شێخ کۆتای بەوانەکە هێنا و داوای لە خەڵکی کرد

کە شوێنەکە جێبهێڵن وداوای لێوردنی کرد کە ناتوانێت وانەکە

تەواو بکات.

به دەستە بەسۆزەکانی دەستی عبدالرحیمی گرت ، وبردیە سوچێکی مزگەوتەکە لەوێ دانیشتن

ئەوە بۆ والەخۆت ئەکەیت ، تۆ باوەڕت بە خودای گەورە نیە ؟

عبدالرحیم: ئەی شێخ کوا باوەڕ بۆ کەسێکی تاوانباری وەکو من

باوەڕ ماوە بۆ کەسێکی گومڕا و لەخودا هەڵگەڕاوە؟

بۆ کەسێکی خراپەکار؟

ئایا ....؟

شێخ قسەکانی پێ بڕی : ناوەکەت زۆر جوانە عبدالرحیم ، تۆ بەندەی خودایەکیت کە سۆزو میهرەبانی بێ سنورە ، بەندەی

خودایەکی لێخۆشویت، ئایا ناوێکی واجوانت هەیە و

ماناکەی نازانیت؟ ئەگەر تۆ تاوانت زۆر بێت تەنانەت بەقەد

ئەستێرەکانی ئاسمانیش بێت ، ئەگەر بگاتە ئاسمان خودا لێت خۆشدەبێت ، بەمەرجێك

تۆبە بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ لای خودای گەورە .

ئەوکات ئەچیتە بەهەشتەوە لەگەڵ چاکە کاران ان شاء اللّٰه،
هەرگیز بێ ئومێد مەبە ،لە سۆز و بەزەیی خودای گەورە تەنها گومڕاکاران بێ هیوا ئەبن.

هەرکە گوێی لەم قسانە بوو هاتەوە سەر خۆی، دەموچاوی ڕۆشن بوەوە ، بزەیەك کەوتە سەر لێوەکانی و وتی:
خودایە لێم خۆشبە أشهد أن لا اله إلا اللّٰه  وأشهد أن محمدا رسول اللّٰه.

دڵ و دەرونی پاك بوەوە ، چاوەکانی داخران و جوڵەی نەما، دڵی خاو بوەوە . شێخ مرشد وتی بەناوی خودا  بەملاو لادا جوڵاندی تا هەڵسێت
بەترسەوە وتی عبدالڕحیم، عبدالڕحیم  تکایە وڵامدەوە
براکەم وڵامم دەوە ،

بەڵام کات زۆر درەنگ ببو، خودا ئامانەتەکەی بۆ لای خۆی بردەوە، وعبدالڕحیم گیانی سپارد و بۆ لای خودا گەڕایەوە.



ئەم هەواڵە وەکو هەورە بروسکەیەك هەموو خەڵك لادێکەی هەژاند، هەمووان غەمبارو دڵتەنگ بون بەکۆچی دوای عبدالڕحیم

خەڵکێکی زۆر کۆبونەوە وبەرەو گۆڕستان بەڕێیان کرد بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ،

شێخ مرشد خەڵکی ئارام ئەکردەوە لەکاتێکدا خۆی

فرمێسك لەچاوانی قەتیس مابوو، فەلاح و عومەریش لەولاوە

ئەگریان بۆ لەدەستدانی هاوڕێکەیان.

گەیاندیانە گۆڕستان و لەتەنیشتی دایك و باوکیەوە ناشتیان

گەڕایەوە بۆ لای خودای گەورە، بە فەرمانی

خودای گەورە.

چەند پرسیارێکی گرینگ بۆ تۆی خوێنەر...

بە چ پێوەرێك هاوڕێکانمان هەڵبژێرین؟

ئایا هاوڕێ کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتر و ئەتوانن حاڵ و گوزەرانی یەکتر باش یان خراپ بکەن؟

ئایا هاوڕێی خراپ یاخود نازپێدان و خۆشەویستیەکی زۆر بونە هۆی بەلارێدا بردنی عبدالڕحیم ؟

دایك کاریگەری هەیە لە سەر بڕیار و ژیانی مناڵەکانی؟

پەروەردە و ڕێنیشاندانەکانی دایکی فەلاح باشتر بوو یاخود ناز و خۆشەویستیە لەڕادەبەدەرەکەی دایکی عبدالڕحیم؟

ئایا هەژاری ڕێگرە لە خوێندن و سەرکەوتن؟

یاخود دەوڵەمەندی و هەبوونی سەروەت و سامانێکی زۆر ڕێگرە لە خوێندن و پێگەیاندنی خود؟.